پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە پاشەوەی کاروانەکە دەبوو، هانی لاوازەکانی دەدا، وسەری دەخستن بۆ سەر پشتی سواریەکەی، ونزای بۆیان دەکرد

لە جابری کوڕی عبداللەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە پاشەوەی کاروانەکە دەبوو (لە کاتی سەفەردا)، هانی لاوازەکانی دەدا (بۆئەوەی خێرا ڕێبکەن)، وسەری دەخستن بۆ سەر پشتی سواریەکەی، ونزای بۆیان دەکرد».

[صەحیحە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرمـوودەکە: پێغەمبـەر -صـلى اللـه عليـه وسـلم- لـە پـاشەوەی خەڵکـی دەبـوو لـە کـاتی دەرچـوونی کاروانەکان بۆ سەفەرکردن بۆ هەر هۆیەک بێت؛ بۆئەوەی چاودێری حاڵی خەڵکی وپێویستان بکات لەوانەی پێویستیان بە یارمەتیە لەم سەفەرەدا؛ لە لاوازەکان وئەوانەی سواریان پێ نییە لەم سەفەرەدا، هانی لاوازەکانی دەدا (بۆئەوەی خێرا ڕێبکەن)، وئەوەی سواری نەبوو سەری دەخست بۆ سەر پشتی سواریەکەی، ونزای بۆیان دەکرد.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5971